گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue 5 2024
ID No.2286 (PP 196-211)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.5.13

توێژینەوە

# ڕۆڵی ڕوسیا و تورکیا لە ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ

**عوسمان عبدالله احمد /** وانەبێژ لە کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، بەشی گەشەپێدانی مرۆیی، زانکۆی

**فەرید دڵشاد محمد/** کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، بەشی زانستە رامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی ڕوسیا و تورکیا لە ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ بکات. توێژینەوەکە جگە لە خستنەڕووی پاشخانی مێژوویی و هۆکارەکانی ململانێکە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی ئازەربایجان و ئەرمینیادا، ئامانجی ئەوەیە کە ڕۆڵی هەریەکە لە ڕوسیا و تورکیا وەک دوو دەوڵەتی سەرەکی ناوچەیی لە ململانێکەدا ڕوونبکاتەوە. پشت بەست بە بەکارهێنانی میتۆدی (وەسفی شیکاریی) توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە بەهۆی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە و بوونی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابورییەکانەوە، هەریەکە لە ڕوسیا و تورکیا ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن لە ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجاندا، بەشێوەیەک ڕوسیا لەسەرەتادا زیاتر وەک ناوبژیوانێک ڕەفتاری کردووە و هەوڵی پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ململانێکاردا داوە، هەرچەندە پەیوەندییەکانی زیاتر لەگەڵ ئەرمینیا بووە، بەڵام جەنگی ڕوسیا و ئۆکرانیا و هەوڵەکانی ئەرمینیا بۆ نزیک بوونەوە لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا؛ گۆڕانی لە هەڵوێستی ڕوسیا لە بەرامبەر ئەرمینیادا دروستکردووە، بەجۆرێک ڕوسیا لە ئاست دەست بە سەرداگرتنی هەرێمی قەرەباغ لەلایەن ئازەربایجانەوە بێدەنگی هەڵبژارد. ئەوەش بووە مایەیی نیگەرانی ئەرمینیا. هەرچی تورکیایە هەر لەسەرەتاوە لایەنگری ئازەربایجان بووە دژ بە ئەرمینیا، تورکیا لە ململانێکەدا بە کرداری لەڕووی دیپلۆماسیی و سیاسی و سەربازییەوە هاوکار و پاڵپشتی تەواوی ئازەربایجان بووە، کە ئەوەش هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ سەرکەوتنی ئازەربایجان بەسەر ئەرمینیادا لە ململانێیان لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ.

CORRESPONDENCE
عوسمان عبدالله احمد
hoshmand.ibrahim@su.edu.krd

الاستلام 2024/05/19
القبول 2024/07/15
النشر 2024/10/15

وشە سەرەکییەکان:
ئەرمینیا،
ئازەربایجان،
تورکیا،
ڕوسیا،
ناگۆرنۆ قەرەباغ.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

لە دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، چەندین دەوڵەتی نوێ لە ناوچەی قەوقاز سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند، لە هەمانکاتیشدا چەندین کێشەی نوێ لە ناوچەکەدا سەریانهەڵدا. یەکێک لەو کێشانەی کە هەر لەسەرەتای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو سەری هەڵدا، کێشەی (هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ) بوو لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجاندا. بە شێوەیەک دەتوانرێت بگوترێت ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر هەرێمی قەرەباغ یەکێکە لە کێشە هەرە ئاڵۆزەکانی ناوچەی قەوقاز. لەبەرئەوەی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە هەیە و بووەتە هۆی دروستبوونی چەندین شەڕ و پێکدادانی سەربازی لە نێوان هەردوو دەوڵەتی ململانێکاردا. لەم نێوەندەدا، ڕۆڵی دەوڵەتانی دەرەکی، بەتایبەت تورکیا و ڕوسیا، وەک دوو دەوڵەتی بەهێزی ناوچەیی لە شێوەگرتن و بەڕێوەچوونی ئەم ململانێیەدا زۆر دیار و بەرچاوە. لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە ئامانجێتی ڕۆڵ و کاریگەری تورکیا و ڕوسیا لەم ململانێیەدا شیبکاتەوە، ئەویش لە ڕێگای شرۆڤەکردنی ڕووداوەکان و هەڵسەنگاندنی هەڵوێست و ڕۆڵی هەریەکە لە ڕوسیا و تورکیا لە ململانێکەدا. گرنگی توێژینەوەکەش لەوەدایە کە تیشک دەخاتە سەر ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکانی کێشەی ناگۆرنۆ قەرەباغ لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجاند، بەوەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتنێکی قووڵتر لە ئاڵۆزییەکانی ئەم ململانێیە و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایش و سەقامگیری دەوڵەتان و هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕوویەکەوە گرنگی خۆی هەیە لەوانە:

١- یەکێک لە گرنگیەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بە دیاریکردنی ڕۆڵی دەوڵەتانی ڕوسیا و تورکیا لە ململانێکەدا، دەتوانێت کاریگەری دەستێوەردانی دەوڵەتان لە ئاڵۆزترکردن و درێژەپێدانی کێشە و ململانێکانی نێوان دەوڵەتان ڕوونبکاتەوە.

٢- گرنگیەکی دیکەی توێژینەوەیەکە ئەوەیە کە دەستبەسەرداگرتنی هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ لەلایەن ئازەربایجانەوە، دوای زیاتر لە (٣٠) ساڵ لە شەڕ و ململانێ، دەکرێت وەک پێشینەیەکی مەترسیدار سەیربکرێت؛ کە لە داهاتوودا ببێتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی ئەو هەرێم و ناوچانەی دیکە کە خاوەن سەربەخۆی تەواو نین و دانایپیادا نەنراوە، لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کە بە بەشێک لە خاکی خۆیانی دەزانن دەستی بەسەردابگرن.

٣- یەکێکی دیکە لە گرنگییەکانی توێژینەوەکەیە ئەوەیە کە کاریگەری فاکتەرە جیۆپۆلەتیکییەکان لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردنی دەوڵەتانی خاوەن بەرژەوەندی، لەگەڵ کێشە و ململانێ هەرێمییەکاندا ڕووندەکاتەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای خستنەڕووی مێژووی سەرهەڵدانی ململانێی نێوان کۆماری ئەرمینیا و ئازەربایجان و هۆکارەکانی ململانێکە لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ، ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە ڕۆڵی هەردوو دەوڵەتی ڕوسیا و تورکیا لە ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجاندا دەستنیشان بکات.

**کێشەی توێژینەوەکە :**

چەندین ساڵە هەریەکە لە ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ لە ململانێدان، هەندێکجاریش ململانێکە سەردەکێشێت بۆ جەنگ و پێکدادان، ئەوەی ئەم ململانێیەی ئاڵۆزتر کردووە بریتییە لە دەستوەردانی دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، بەتایبەت هەردوو دەوڵەتی ڕوسیا و تورکیا، کە هەریەکەیان وەک دوو دەوڵەتی دیاری ناوچەکە و بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانیان دەست لە ململانێکە وەردەدەن. لێرەوە هەوڵدان بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی ڕوسیا و تورکیا لە ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان و پاڵنەرەکانی پشت دەستێوەردانەکانیان لە ململانێکەدا، دەبێتە کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە.

**پرسیاری توێژینەوەکە:**

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە کە ئایا ڕۆڵی ڕوسیا و تورکیا لە ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ چییە؟ هۆکارەکانی پشت دەستوەردانەکانیان بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**میتۆدی توێژینەوە :**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (وەسفی شیکاری) بەکارهێنراوە بۆ وەسفکردنی ململانێکە و خستنەڕووی ڕووداوەکان و هۆکارەکانی پەرەسەندنی ململانێکە، پاشان لەسەر بنەمای شیکردنەوەی زانیارییە بەدەستهاتووەکان؛ هەوڵی دیاریکردنی ڕۆڵ و کاریگەریی

هەریەکە لە ڕوسیا و تورکیا لە ململانێکەدا دراوە. بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانیش سود لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی وەک: بەڵگەنامە فەرمییەکان، کتێب، توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستییەکان، ڕاپۆرت و پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەرگیراوە.

**چوارچێوەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی شوێن و بابەتەوە تایبەتە بە دیاریکردنی ڕۆڵی ڕوسیاو تورکیا لە ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ، لە ڕووی کاتەوە ماوەی نێوان ساڵی (١٩٩١ بۆ ٢٠٢٣) دەگرێتەوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە کە لە ساڵی (١٩٩١)ەوە، هەریەکە لە ئەرمینیاو ئازەربایجان سەربەخۆییان ڕاگەیاندووە، لەو بەرواره بەدواوە ململانێکانیان لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ زیاتر پەرەیسەندووە.

**پەیکەری توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو باسی سەرەکی پێکدێت، هەرباسێکیش دوو تەوەر لەخۆدەگرێت، باسی یەکەم تایبەتە بە ناساندنی کۆمارەکانی (ئەرمینیاو ئازەربایجان) و هەرێمی (ناگۆرنۆ قەرەباغ)، لەگەڵ مێژووی سەرهەڵدانی ململانێکە. لە باسی دووەمیشدا بە دوو تەوەر هۆکارەکانی ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان و ڕۆڵی هەریەکە لە ڕوسیا و تورکیا لە ململانێکەدا ڕووندەکەینەوە، لەکۆتایشدا ئەنجامی توێژینەوەکە لەچەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو.

**١/ ناساندنی کۆماری ئەرمینیا و ئازەربایجان و هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ**

لە دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەتەوە هەریەکە لە ئەرمینیا و ئازەربایجان سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندووە، لەو کاتەوە ململانێیەکی بەهێز لە نێوانیاندا لەسەر(هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ) سەریهەڵداوە. بۆ تێگەیشتن لە ڕیشەی ململانێکە، واپێویست دەکات لە سەرەتادا هەریەکە لە کۆمارەکانی (ئەرمینیا و ئازەربایجان) و هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ بناسێنین. بۆ ئەو مەبەستە ئەم باسەی توێژینەوەکە دابەشدەکەین بەسەر دوو تەوەردا، لە تەوەری یەکەمدا کۆمارەکانی (ئەرمینیا و ئازەربایجان) دەناسێنین، پاشان پوختەیەک لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ، وەک سەرچاوەی ململانێی نێوان هەردوو دەوڵەتەکە دەخەینە ڕوو، لەتەوەری دووەمیشدا مێژووی سەرهەڵدانی ململانێکە ڕووندەکەینەوە.

**١-١/ کۆماری (ئەرمینیا و ئازەربایجان) و هەرێمی (ناگۆرنۆ قەرەباغ)**

ئەرمینیا و ئازەربایجان دوو دەوڵەتی هاوسنورن و هەرێمی (ناگۆرنۆ قەرەباغ)یش دەکەوێتە نێوان سنوری هەردوو کۆمارەکەوە، لەم تەوەرەدا و لە میانەی سێ لقدا پوختەیەک لەسەر هەردوو کۆمارەکە و هەرێمی (ناگۆرنۆ قەرەباغ) دەخەینەڕوو.

**١-١-١/ کۆماری ئەرمینیا**

ئەرمینیا یەکێکە لە کۆمارەکانی ناوچەی قەوقاز[١]، ناوی فەرمی کۆماری ئەرمینیایە، یەکێک بووە لە کۆمارە بچوکەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، کە لە (٢١ی ئەیلولی ١٩٩١)، لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت سەربەخۆی ڕاگەیاندووە، پایتەختەکەی شاری (یەریڤان)ە، لە ڕووی پێگەی جوگرافییەوە دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای ئاسیاوە، لە بەشی باکورەوە جۆرجیا، لە ڕۆژهەڵاتەوە ئازەربایجان، لە باشورەوە ئێران و لە ڕۆژئاواوە بە تورکیا دەورەدراوە (عبدالفتاح، ٢٠١٠، ل ١٦). ڕووبەری خاکەکەی (٢٩٧٤٣کم²) چوارگۆشەیە، ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی (٢٠٢٣)دا زیاتر لە (٢.٩ ملیۆن)کەس بووە، کە لەو ڕێژەیە (٩٨.١٪ ئەرمەن)، یەزیدی (١.١٪) ئەوانی دیکە (٠.٨٪)بوون. لە ڕووی ئاینەوە مەسیحی ئەرمەنی ئەرسەدۆکس نزیکەی (٩٤-٩٢٪)ن، ئاینەکانی دیکەی وەک (یەزیدی، مسوڵمان، کاسۆلیک...هتد) نزیکەی (٨-٦٪) بووە (CIA World Factbook, 2024). لە ڕووی ئابورییەوە لەساڵی (٢٠٢٣)دا، کۆی داهاتی ناوخۆی ساڵانە بەنزیکەیی (٢٤.٢١)ملیار دۆلار، داهاتی ساڵانەی تاک بەنزیکەیی(٨،٧١٥) دۆلار و ڕێژەی گەشەکردن بەنزیکەیی (٨٪) بووە (Word Bank, 2024).

لە ڕووی ژمارەی سەربازەوە ئەرمینیا نزیکەی (٥٧.٥٠٠) هەزار سەربازی چالاک و نزیکەی (٢١٠) هەزار هێزی یەدەگی هەیە. لە ڕێزبەندی سوپاکانی جیهاندا سوپای ئەرمینیا بەپێی دواین ڕیزبەندی پێگەی (globalfirepowe) بۆ ساڵی (٢٠٢٤) پلەی (١٠٢)ی لە کۆی (١٤٥) دەوڵەت وەرگرتووە. هەروەها ئەرمینیا خاوەنی( ٦٤) هێلیکۆپتەرە کە (٤) دانەیان شەڕکەرن و (٢٠) دانەیان هێرش بەرن و ئەوانی دیکە تایبەتن بە گواستنەوە و ڕاهێنان. ئەرمینیا هێزی دەریایی نییە، هێزی پیادەشی پێکهاتوە لە (٢٢٠) تانك و (٧٣٦) زرێپۆش و (٣٧) تۆپی قورس و (١٠٠) کاتیۆشا و (١٤٥) تۆپی جوڵاوی بچوک. بودجەی بەرگری بریتییە لە (١،٣٨٠،٠٠٠،٠٠٠ملیۆن دۆلار) (Global firepower, 2024).

لە رووی نەوت و کەرەستەی خاوەوە ئەرمینیا هەژارە؛ بەو هۆیەوە دووچاری سستییەکی ئابوری توند بووەتەوە، بەگوتەی کاربەدەستانی حکومەت زیاتر لە یەک ملیۆن هاوڵاتی داوای کار دەکەن، یاخود بەوهۆیەوە بە هەمیشەیی کۆچ دەکەن، ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتی ئەرمەنی لە وڵاتانی خۆرئاوا بوونیان هەیە، بەتایبەت لە ئەمریکا، توانیویانە وەک گورپێکی فشار(لۆبی) خۆیان رێکبخەن. ئەم وڵاتە جگە لە کێشە و ململانێ لەگەڵ ئازەربایجان، لەگەڵ تورکیاشدا لە کێشەدایە، تورکیا تۆمەتبارە بە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید دژی ئەرمەنەکان (عەباسۆڤ،2020، ل١٦٦ ).

**٢-١-١/ کۆماری ئازەربایجان**

کۆماری ئازەربایجان یەکێکە لە کۆمارەکانی ناوچەی قەوقاز و لە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤێتی جاران لە ساڵی (1991)دا سەربەخۆیی بە دەستهێناوە. ئەم کۆمارە یەکێکە لە کۆمارە دەوڵەمەندەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە ناوچەکەدا. لەرووی جوگرافییەوە رووبەری ئازەربایجان (86600کم٢) چوارگۆشەیە و دەکەوێتە سەرکەنارەکانی رۆژئاوای دەریای قەزوین، لە لای باشوری رۆژهەڵاتی چیای قەوقاز، لەباکورەوە روسیا، دەریای قەزوین لە رۆژئاوایەوە، لە باشوورەوە لە لایەن ئێرانەوە، لە باکووری رۆژئاوایەوە بەجۆرجیا دەورەدراوە. پایتەختەکەی شاری (باکۆ)یە (عبدالفتاح، ٢٠١٠، ل ١٧). دانیشتوانی ئازەربایجان بە زیاتر لە (١٠) ملیۆن کەسە، لە رووی ئاینەوە (٩٧.٣%)ی دانیشتوانی ئازەربایجان موسڵمانن و زۆرینەیان شیعە مەزهەبن، هەروەها (٢.٦٪) مەسیحین . (CIA World Factbook, 2024). لە رووی ئابورییەوە کۆی داهاتی ناوخۆی ساڵانەی لە ساڵی (٢٠٢٣)دا، (٧٢.٣٦ ملیار دۆلارە)، داهاتی ساڵانەی تاک (٧،١٥٥ دۆلارە)، رێژەی گەشەی ئابوری (١.١٪) بووە (World Bank , 2024). خاکەکەی دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی نەوت، بە خاڵی دەستپێکردنی رێگە ستراتیژییەکانی گواستنەوەی نەوت لە دەریای قەزوینەوە بەرەو کیشوەری ئەوروپا دادەنرێت (السید،٢٠١٨).

لە رووی سەربازیەوە ئازەربایجان خاوەنی (١٢٦٤٠٠) سەربازە، ئەمە جگە لە (300) هەزار سەربازی یەدەک، سوپاکەی بەپێی دواین ریزبەندی پێگەی (globalfirepowe) بۆ ساڵی (٢٠٢٤) پلەی (٥٩) هەمینی ریزبەندی سوپای وڵاتانی جیهانی گرتووە. خاوەنی (١٤٤) فرۆکەیە، کە لەو ژمارەیە (١٢) فرۆکەی جەنگی و (١١) فرۆکەی هێرش بەرن، ئەوانی دیکە هەلیکۆپتەر و فرۆکەی راهێنان و گواستنەوەن . ئازەربایجان هێزێکی دەریایی بەهێزی هەیە کە لە ساڵی (٢٠٢٤) دا پلەی (٦٥)ی جیهانی گرتووە. هێزێکی گەورەی پیادەشی هەیە، کە پێکهاتووە لە (٩٢٠) تانك و (٢٩٣١٢) زرێپۆش و (٢٩٤ ) تۆپی قورس و (٣٠٠) تۆپی سوك و (٢١٨) کاتیۆشا، بودجەی بەرگری بریتییە لە (٣،٧٧٠،٠٠٠،٠٠٠ ملیۆن دۆلار) (Global firepower, 2024).

پشت بەست بەو زانیاریانەی لەسەرەوە خرایە روو دەردەکەوێت کە کۆماری ئازەربایجان بەراورد بە کۆماری ئەرمینیا لە روو سەربازی و ئابورییەوە بەهێزتر و دەوڵەمەندترە. لەبەرئەوەی ئازەربایجان خاوەنی ژمارەیەکی زۆرتری سەرباز، ئامێری جەنگی و بودجەیەکی گەورەتری بەرگرییە. جگە لەوەش هێزێکی دەریایی بەهێزی هەیە، لەکاتێکدا ئەرمینیا وڵاتێکی داخراوە و هیچ هێزێکی دەریایی نییە. هەروەها لە رووی رووبەری خاکیشەوە ئازەربایجان لە ئەرمینیا گەورەترە و ژمارەی دانیشتوانیشی زیاترە. هەموو ئەوانەش دەتوانێت پێگە و دەسەڵاتێکی بەهێزتر بە کۆماری ئازەربایجان ببەخشێت بەراورد بە کۆماری ئەرمینیا.

**٣-١-١/ هەرێمی (ناگۆرنۆ قەرەباغ)**

نارگۆنۆ قەرەباغ بەواتای (جبال الحدیقة السوداء) دێت و هەرێمێکی شاخاوییە، لە باشوری ناوچەی قەوقازە، فرە پێکهاتەیە لە رووی ئایینی و نەتەوەییەوە لە ( ئەرمەن، ئازەر، کورد، چەرکەس و ئاسووری) پێکهاتووە، بەشێکە لە باشووری ئەورووپای رۆژهەڵات، بەرووبەری (٤.٨٠٠کم٢) دەکەوێتە رۆژهەڵاتی دەوڵەتی ئەرمینیا و رۆژئاوای ئازەربایجان، ناوچەکە دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی ئابووری، لەوانە کشتوکاڵ و پیشەسازی خۆراک و دەرمان، بەلای ئەرمەنەکانەوە بە (دڵ)ی جیۆستراتیژی ئەرمینیا دادەنرێت، دەسەڵاتی ئازەربایجانیش پێی وایە پێش ساڵی (١٩٢٠) بەشێک بووە لە خاکی ئەوان، بەڵام ئەرمینیا دان بەوەدا نانێت، چونکە (٩٥٪ ) دانیشتوانەکەی بەرەگەز ئەرمەنن و (٥٪ ) پێکهاتەکانی دیکەن، کۆی دانیشتوانەکەشی بە نزیکەیی (١٤٥ هەزار) کەس دەبن (اضواء، ٢٠٢١).

لە (٢٥ ی کانونی یەکەمی 1991) یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە، بەوهۆیەوە ئەرمینیا و ئازەربایجان سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند، ئەوەش دەرفەتی بۆ سەرکردە سیاسییەکان لە (ناگۆرنۆ قەرەباغ) رەخساند تاکو ئەوانیش خواستی خۆیان بۆ سەربەخۆیی رابگەیەنن. ئازەربایجان دژی ئەم راگەیاندنە بوو، بە جیاکردنەوە و یاخی بوونی دەزانی . هەرچەندە لە تشرینی دووەمی (1994)ەوە، هەرێمەکە سەربەخۆبوونی لە ئازەربایجان راگەیاند، بەڵام لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دانپێدانەنرا (.E.Cornell, 1999, p:28).

لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە چەندین جار شەڕ و پێکدادان لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا لەسەر ئەم هەرێمە روویانداوە، هەزاران کوژراو و دەیان هەزار بریندار و ئاوارەیی لە هەردوولا لێکەوتووەتەوە. لە ئەیلوولی (٢٠٢٠) رێککەوتنێکی ئاگربەست بە

نێوەندگیری ڕوسیا لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان ئەنجامدرا، هێزی ئاشتیخوازی ڕوسیا بە ناوچەکەدا بڵاوکرانەوە، بەپێی ڕێککەوتنەکە ئازەربایجان (٣) شاری هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغی خستە ژێر دەستی خۆیەوە، کە بریتین لە (کلبجار، ئاگدام، لاچین) لە بەرامبەردا (نیکۆل باشینیان) سەرۆک وەزیرانی ئەرمینیا، ئاشکرایکرد، هیچ بژاردەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەبووە، تەنیا واژۆکردنی ڕێککەوتنەکە نەبێت (عبدالرؤوف،٢٠٢٠، ل٣). بەڵام ڕێککەوتنەکە زۆر درێژەی نەکێشا لە تشرینی یەکەمی 2022 ئازەربایجان ڕێگەی نێوان ئەرمینیا و قەرەباغی داخست، کە بە ڕێڕەوی لاچین ناسراوە، نەی دەهێشت هیچ هاوکاریوپێداویستییەک لە ئەرمینیاوە بڕوات بۆ هەرێمی ناگۆرنۆقەرەباغ (Human rights, 2022).

لە (١٩ی ئەیلولی 2023) هێزەکانی ئازەربایجان لە ژێرناوی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، هەڵمەتێکی سەربازیی نوێیان لە دژی ناوچەی قەرەباغ دەستپێکرد، حکومەتی خۆجێی قەرەباغیان ناچارکرد هەموو دامەزراوە حکومییەکانی هەڵبوەشێنێتەوە، ڕێگەی لاچینی بۆ هەفتەیەک کردەوە، تاکو دانیشتوانی قەرەباغ کۆچ بکەن بۆ ئەرمینیا. ئازەربایجان ڕێگەیدا بە هەر کەسێک کە بەشداریی شەڕەکانی نێوان قەرەباغ و ئازەربایجانی نەکردووە، وەک هاووڵاتییەکی ئازەری بمێنێتەوە، ئەگەرنا وەک تاوانباری جەنگ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت، بەو هۆیەوە نزیکەی (١٠٠هەزار) کەس لە دانیشتوانی قەرەباغ ئاوارەی ئەرمینیا بوون ( Droin and Dolbaia..et, 2023).

لە (٢٠٢٣/٩/20)، واتە دوای یەک ڕۆژ لە هێرشی سوپای ئازەربایجان و بۆ سەر ناگۆرنۆ قەرەباغ، توانیان کۆنترۆڵی زیاتر لە (90٪)ی پێگە سەربازییەکانی ئەرمینیا لە ناگۆرنۆ قەرەباغ بکەن، بەوەش وەزارەتی بەرگریی ئازەربایجان کۆتاییهاتنی شەڕ و ڕازیبوونی دەسەڵاتدارانی ناگۆرنۆ قەرەباغیان بە مەرجەکانیان ڕاگەیاند. یەکێک لەو داواکارییە سەرەکیانەی ئازەربایجان، کە هێزەکانی قەرەباغ قبوڵیان کرد، چەکداماڵینی تەواوەتی بوو. بەو شێوەیە لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا، هێزەکانی ئازەربایجان، توانییان دەستبەسەر تەواوی ناوچەی قەرەباغدا بگرن و ئیدی ئەو ناوچەیە بە تەواوی کەوتەوە ژێر کۆنترۆڵی ئازەربایجان، کە (٣٣) ساڵە ئەرمینیا و ئازەربایجان شەڕ و ململانێی لەسەر دەکەن (Global Conflict, 2024).

### ١-٢/ مێژووی سەرهەڵدانی کێشەی ناگۆرنۆ قەرەباغ:

بۆ تێگەیشتن لە ڕەگوڕیشەی کێشەی هەرێمی ناگۆرنۆقەرەباغ، دەبێت بۆ سەردەمی پێش دەسەڵاتی (جۆزێف ستالین)[٢] و پرۆسەی بەسۆڤیەتیکردنی ناوچەکانی قەوقازی سەروو بگەڕێینەوە، لەپاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧)ی ڕوسیا، کە بەلشەڤیکەکان بە سەرۆکایەتی (لینین) ئەنجامیاندا، ناگۆرنۆقەرەباغ بووە بەشێك لە کۆماری فیدراسیۆنی دیموکراتیکی ناوچەکانی قەوقازی باشوور، بەڵام ئەم کۆمارە دواتر بەسەر سێ کۆماری جیاوازدا دابەشبوو (ئەرمینیا، ئازەربایجان و جۆرجیا). لە ماوەی یەك ساڵ و نیوی دوای ئەم گۆڕانکارییە، جەنگ و پێکدادانی قورس لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجاندا ڕوویدا، یەکێك لە ناوچە کێشە لەسەرەکانیش قەرەباغ بوو. لە تەمووزی ( 1918)دا یەکەم ئەنجوومەنی ناگۆڕنۆ قەرەباغ دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری ڕاگەیاند و حکومەت و ئەنجوومەنێکی نیشتمانیی پێکهێنا، دواتر سوپای عوسمانی دەستی بەسەر ئەم ناوچەیەدا گرت، بەڵام ئەم سوپایە لە بەرامبەر سوپای بەریتانیادا شکستی خوارد، بەریتانییەکان لە ساڵی (١٩١٩) کەسایەتییەکی ئازەرییان بەنێوی (خەسرۆ بەی سوڵتانۆڤ) وەکو پارێزگاری قەرەباغ و زەنگەزوور دیاریکرد (خشیب، ٢٠١٦، ل ١٧٦-١٧٧) .

ئەنجوومەنی نیشتمانیی قەرەباغ بڕیارەکەی پەسەند کرد، بەڵام خەڵکی ناوچەکە بەم بڕیارە ڕازی نەبوون و لە دژی پارێزگارە ئازەربایجانییەکە چەکیان هەڵگرت. شەڕ و پێکدادانی نێوان چەکدارە قەرەباغییەکان و ئازەرییەکان تاکو نیسانی(١٩٢٠) بەردەوام بوو. واتە تاکو ئەو کاتەی بەلشەڤیکەکان کە هەڵگیرسێنەری شۆڕشی (١٩١٧) بوون، ئازەربایجانیان کۆنترۆڵکرد. لە ئابی هەمان ساڵدا ئەرمینیا ڕێککەوتنێکی کاتی لەگەڵ بەلشەڤیکەکان واژۆکرد بۆ ئەوەی قەرەباغ بەشێوەیەکی کاتی و هەتا گەیشتن بە چارەسەرێکی یەکجاری لەژێر کۆنترۆڵی ڕوسەکاندا بێت. ساڵی (١٩٢١) ئەرمینیا و جۆرجیاش، کەوتنە ژێردەستی بەلشەڤیکەکان، بۆ دەستخستنی پشتگیریی خەڵکی ناوچەکە بەڵێنیان بە ئەرمەنەکاندا قەرەباغ بە کۆماری ئەرمینیا بدەن، بەڵام بەلشەڤیکەکان لە هەمان کاتدا دەیانویست سەرنجی تورکیا ڕابکێشن، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ڕێگری بۆ پێشڕەوییەکانی هێزە کۆمۆنیستەکان دروستنەکات ( هەورامی ، ٢٠٠٦، ل١٤-١٥). بەمەبەستی ڕەواندنەوەی ترسی تورکەکان، یەکێتیی سۆڤیەت بەسەرۆکایەتی (جۆزێف ستالین) لە ساڵی (١٩٢٣) بڕیاریدا کەمینەیەکی ئەرمەنی لەناوچەی قەرەباغ بخاتە ناو سنوری جوگرافی حکومەتی ئازەربایجانەوە، ئەو خستنە ناو سنورە بەجۆرێك بوو کە ناوچە ئەرمەنییەکە دەورە درابوو بە سنورێکی جوگرافی و ئیداریی ئازەری، لەگەڵ ئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە هەر لەو کاتەوە لەگەڵ ئەوەدا بوون بین بە بەشێك لە دەوڵەتی ئەرمینیا. لەهەمان کاتدا کەمینەیەکی ئازەربایجانی لە هەرێمی (ناخچەوان) لە حکومەتەکەیان دابڕێندران و خراینە سەر سنوری حکومەتی ئەرمینیا (همایەر و هێکمان ،٢٠١١. ل٤٧).

حکومەتی ئەوکاتی سۆڤێت حوکمی خۆبەڕێوەبەری (الحكم الذاتي) دا بە دانیشتوانی ناوچەی قەرەباغ، کە لە ژێر دەسەڵاتی ئازەربایجاندا بوو. (ستالین) ئەم کارەی بۆ ئەوە کرد تاکو ڕیشەی ناکۆکییەك لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا دروستبکات، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە حکومەتی ناوەندی لە مۆسکۆ بەردەوام دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکەدا بڕوات. لە ساڵی ( 1988) ئەرمەنەکانی قەرەباغ لە ڕاپرسیەکدا دەنگیان بەسەربەخۆی هەرێمەکەدا، ئەرمینیا پشتگیری کرد، بەڵام ئازەربایجان دژی ڕاگەیاندنی سەربەخۆی هەرێمەکە وەستایەوە ، ئەمە دۆخەکەی لە ململانێوە گۆڕی بۆ جەنگێکی گشتگیرو، بەو شێوەیە ناکۆکییەکان لەنێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەبارەی خاوەندارێتی ناوچەی قەرەباغ دەستپێکرد. کاتێکیش لە ساڵی (١٩٩١) هەردوو دەوڵەت سەربەخۆیی خۆیان لە یەکێتی سۆڤیەت وەرگرت، ناکۆکییەکان زیاتر پەرەیسەند (عەزمەر،٢٠٢٠، ل ٦٤).

لەگەڵ ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٩١)دا، ڕاگەیاندی سەربەخۆیی هەردوو کۆماری ئەرمینیاو ئازەربایجان، ناگۆرنۆقەرەباغیش خۆی وەکو کۆمارێکی سەربەخۆ ڕاگەیاند، بەڵام لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دان بە هەرێمەکەدا نەنرا، وەکو دەوڵەتی ئەمری واقع، تەنانەت ئەرمینیاش دانی پێدانەنا، بەڵام بەردەوام بوو لە پاڵپشتیکردنی دارایی و سەربازی ئەرمەنەکانی ناوچەکە (Carley, 1998, p,1).

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەگەین بەو ئەنجامەی کە کێشەی ناگۆرنۆ قەرەباغ لە نێوان هەردوو دەوڵەتی (ئەرمینیا و ئازەربایجان) ڕیشەیەکی مێژووی هەیە و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، بەڵام لە دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت کێشەکە بە شێوەیەکی کرداری تەقییەوە، بەهۆی ئەوەی لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت، هەریەکە لە کۆماری (ئەرمینیا و ئازەربایجان) وەک دوو دەوڵەتی سەربەخۆ لە ناوچەی قەوقاز سەربەخۆیی خۆیانیان ڕاگەیاند، هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغیش، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەرمینیا و ڕۆژئاوای ئازەربایجانەوە، هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆییدا، ئەم هەوڵەش لەلایەن ئەرمینیاوە پشتگیریکرا ، بەڵام لەلایەن ئازەربایجانەوە ڕەتکرایەوە، لەو کاتەوە ململانێ و ناکۆکی ئەو دوو کۆمارە (ئەرمینیا و ئازەربایجان) لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ دەستپێکردووە.

## ٢/ هۆکارەکانی ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان و ڕۆڵی دەوڵەتانی ڕوسیا و تورکیا تیایدا

کێشەو ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست و بە دیاریکراوی بۆ ساڵی (١٩٢٣ز)، کاتێک یەکێتی سۆڤیەت ناوچەی ناگۆرنۆقەرەباغی بەشێوەیەکی فەرمی بەخشیە ئازەربایجان و لکێنرا بەو دەوڵەتەوە. لە پاش هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت، شەڕو ئاڵۆزی لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر ناگۆرنۆ قەرەباغ سەریهەڵداوە؛ بەشێوەیەک هەریەکێک لەو دوو دەوڵەتە هەوڵیان داوە دەستبگرن بەسەر هەرێمەکەدا (E.Cornell, 1999, p, 11). ئێمە لەم باسەدا هەوڵدەدەین لە میانەی دوو تەوەردا گرنگترین هۆکارەکانی ململانێکە و ڕۆڵی دەوڵەتانی ڕوسیا و تورکیا لە ململانێکەدا ڕوونبکەینەوە.

### ٢-١/ هۆکارەکانی ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان

لێکۆڵەران لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ ململانێی نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان هەیە، هەندێک بە ململانێیەکی ڕەچەڵەکی نێوان ئازەر و ئەرمەنییەکانی دادەنێن، هەندێکی دیکەش پێیانوایە ئەوە شەڕێکی جیۆپۆلەتیکیە و بە تەنها پەیوەست نیە بە ئازەربایجان و ئەرمینیاوە. ئێمە لەم باسەی توێژینەوکەماندا هەوڵدەدەین گرنگترین هۆکارەکانی پشت ململانێکانی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەرهەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ بخەینە ڕوو:-

**یەکەم: هۆکاری جوگرافی :**

لە ڕابردوودا لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ ئەرمەنی بوون، بەڵام یەکێتی سۆڤێت ئەم ناوچەیەی خستە سەر نەخشەی سیاسی ئازەربایجان، لەکاتێکدا زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکە داوای ئەوەیان دەکرد بخرێنە سەر ئەرمینیا، ئەمەش بووە بە دیارترین هۆکاری پشت ململانێکە، چونکە ناگۆرنۆ قەرەباغ لە ڕووی جوگرافیەوە دەکەوێتە ناو سنوری ئازەربایجانەوە، بەڵام دانیشتوانەکەی بەڕێژەی (٩٥٪ ) ئەرمەنین و ئینتیما (لایەنگیریی)یان بۆ ئەرمینیا هەیە. بەوەش دەوڵەتی ئەرمینیا لە بەر دانیشتوانەکەیی کە زۆرینەیان ئەرمەنین، ئازەربایجانیش بەهۆی خاکەکەیەوە کە لە ناو سنورە جوگرافیاکەیەتی، هەریەکەیان بەمافی خۆی دەزانێت هەرێمەکە بە فەرمی بخەنە سەرجوگرافیایی وڵاتی خۆیان (البقائی،٢٠٢٥).

**دووەم : هۆکاری ئاینی و نەژادی :**

جیاوازی ئاینی و نەژادی لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان بەیەکێ لە هۆکارە سەرەکیەکانی کێشە و ململانێکان دادەنرێت، لەبەرئەوەی ناسنامەی ئاینی و نەژادی ئەرمەن و ئازەریەکان لە بنەڕەتەوە لە یەکتر جیاوازن، زۆرینەی ئەرمەنەکان سەر بە ئاینی مەسیحی

(ئەرسەدۆکسی)ن، ئازەریەکانیش ئیسلامی شیعە مەزهەبن. ئازەرییەکان بەهۆی ناسنامەی ئاینیەکەیانەوە کە لەناو جیهانی ئیسلامیدان، بارودۆخێکی باشتریان هەیە، لەبەرئەوە خۆیان بە نەتەوەیەکی زیندوو باڵا دەزانن و هیچ مەترسیەک لەسەر نەژادیان نابینن. بە پێچەوانەوە ئەرمەنەکان بەهۆی ناسنامە ئاینیەکیانەوە، کە کەوتوونەتە ناو جیهانێکی ئیسلامییەوە ئەو هەستەیان بۆ دروستبووە کە چواردەوریان بە دوژمن گیراوە و هەمیشە مەترسی و ئەگەری پاکتاوی نەژادیان لەسەرە (عەباسۆڤ،٢٠٠٦، لا ١٢).

**سێیەم: هۆکاری جیۆپۆلەتیک:**

هەردوو کۆماری ئازەربایجان و ئەرمینیا دەکەونە ناوچەی قەوقاز، ئەم ناوچەیەش بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕێڕەوی بازرگانی لە نێوان ئاسیا و ئەوروپادا هەیە، ئەم خەسڵەتانە لە پێشەنگی ئەو هۆکارانەن کە هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان بە بەردەوامی هەوڵی دەستێوەردان و کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچەیە دەدەن. ناوچەکە لە ڕووی مێژووییەوە بە خاڵی بەریەککەوتنی هەرسێ ئیمراتۆریەتی (ڕوسی، فارسی، تورکی) دادەنرێت، باکووری قەوقاز ڕوسیایە، ئێران و تورکیاش لە باشوورەوە هاوسنوورن لەگەڵ ئەو ناوچەیە. ساڵانێکە تورکیا و ئەوروپا دەیانەوێت ئەم ناوچەیە بکەنە پرۆژەیەک بۆ شوێنگرەوەی وزەی ڕوسیا، بەتایبەت گازی سروشتی، لەبەرئەوە ڕووسیا لەم ململانییەدا زۆرترین چاوی لەسەرە، چونکە لە ڕووی جوگرافی و مێژووییەوە بەشێکە لەم ناوچەیە، هەروەها لە باشووری قەوقازیشەوە هەڕەشەی لەسەرە، چونکە شوێنگرەوە بۆ گازی ڕوسیا واتە لێدان لە هێزی ئابووری و هەژموونی ڕووسیا (Tavadze, 2024).

**چوارەم: هۆکاری دەستێوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی :**

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی ئاڵۆزتربوونی ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان بریتییە لە دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی، لەبەرئەوەی ناوچەی قەوقاز یەکێکە لە ناوچە ئاڵۆزەکان لەڕووی زۆری ڕەگەزە جیاوازەکان و هەمەچەشنی ئاینییەوە. ئەو نەتەوە و ئاینە جیاوازانەی کە لە ناوچەکەدا هەن، بەردەوام لە دڵەڕاوکێ و نائارامیدان، چونکە بە هۆکاری جیاوازیە نەتەوەیی و ئاینییەکانەوە، بەردەوام دەستی دەرەکی لەم ناوچانەدا گەورەترین هۆکاری دروستکردنی ناسەقامگیری بووە، لە گرنگترین ئەودەوڵەتانەش کە ڕۆڵیان لە ململانێکەدا هەیە بریتین لە (ڕوسیا، تورکیا، ئێران، ئیسرائیل، ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا)، ئەم دەوڵەتانە لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان و بە پاساوی جیاجیای ئاینی و نەتەوەی و بەرژەوەندی ئابوری...هتد، بە شێوەی جۆراوجۆر دەست لە کێشەو ململانێکانی نێوان هەردوولا وەردەدەن، بەوەش هێندەی دیکە بارودۆخەکە ئالۆزدەکەن ئەگەری چارەسەرکردنی ئەستەم دەکەن (عەزەم،٢٠٢٠، لا 61).

**پێنجەم: هۆکاری ئابوری :**

بەرژەوەندییە ئابورییەکان یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی ململانێی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئەرمینیا و ئازەربایجان. ئازەربایجان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە، کە ئەرمینیا سود لە هیچ پرۆژەیەکی ئابووری لە ناوچەکەدا وەرنەگرێت، بەتایبەت گواستنەوەی نەوت و گازی سروشتی لە ڕێگەی بۆرییەوە بۆ ئەوروپا، ئەوەش ئەرمینیای ڕووبەڕووی ئابلۆقەیەکی ئابووری کردۆتەوە، بەتایبەت کە هەریەکە لە ئازەربایجان و تورکیا سنووریان بەڕوودا داخستووە، ئەرمینیاش هیچ سنوورێک و دەرچەیەکی دەریایی نییە؛ بەم هۆیەشەوە ماوەیەکی زۆرە ئەرمینیا و هەرێمی قەرەباغ لە دۆخێکی ئابووری خراپدا دەژین، لەبەرئەوە شەڕی بەرژەوەندی ئابووریش لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا، بەیەکێکی دیکە لە هۆکارەبەردەوامی پێدەرەکانی کێشە و ململانێکانی نێوانیان دادەنرێت (الصوراني، ٢٠٢٣).

کەواتە ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ ململانییەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە. ئەم ململانێیە تەنها پەیوەست نییە بە کێشەی خاک و جوگرافیاوە، بەڵکو چەندین فاکتەری گرنگی دیکەی وەک: جیاوازی ئاینی و نەتەوەیی، بەرژەوەندی ئابووری و گرنگی جیۆپۆلەتیکی لە خۆگرتووە. هەروەها، دەستوەردانی هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان وەک ڕوسیا، تورکیا، ئێران، و وڵاتانی ڕۆژئاوا بارودۆخەکەی زیاتر ئاڵۆز کردووە و کردوویەتی بە ململانێیەکی جیۆپۆلەتیکی فراوانتر. ئەم فاکتەرە جۆراوجۆرانەش وایان کردووە کە چارەسەرکردنی ململانێکە ئاسان نەبێت و ئاڵۆزتر بێت.

**٢-٢/ ڕۆڵی ڕوسیا و تورکیا لە ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان**

ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەوە دەرچووە بەتەنها ململانێی نێوان دوو دەوڵەت بێت لەناوچەکەدا، بەڵکو کێشەکە ڕەهەندێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی وەرگرتووە، لە نێو ئەو دەوڵەتانەی کە ڕۆڵیان لە ململانێکەدا هەیە، ڕۆڵی ڕوسیا و تورکیا لە هەموویان زیاتر دیار و کاریگەرە. لەبەرئەوە لەم باسەدا هەوڵدەدەین لەمیانەی دوو لقدا لە ڕۆڵی ڕوسیا و تورکیا، وەک دوو دەوڵەتی کاریگەری هەرێمی، کە ڕۆڵیان لە ململانێکەدا هەیە بکۆڵینەوە.

**١-٢-٢/ ڕۆڵی ڕوسیا لە ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان:**

یەکێک لەو دەوڵەتانەی ناوچەکە، کە ڕۆڵێکی کاریگەری لەسەرململانێکە هەیە ڕوسیایە، هۆکارەکانی پشت دەستێوەردانی ڕوسیا لە ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەوانە:-

١- ڕوسیا بەردەوام ئەم ناوچانە وەک بەشێک لە میراتی ڕوسیای قەیسەرو یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو تەماشادەکات (الصمادي ،2021).

٢- بوونی سەربازی ڕوسیا لە هەریەکە لە ئەرمینیا و جۆرجیا بەهۆی بایەخ پێدانی مۆسکۆیە بە جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە (الحاج ،٢٠١٦، ل٤).

٣- ناوچەکانی باشوری قەوقاز (ئەرمینیا، ئازەربایجان، جورجیا) ناوچەی قوڵایی ستراتیژین بۆ ڕوسیا، وەک باخچەی پشتەوەی ڕوسیا ناودەبرێت (الصمادي ،2021).

٤- ڕوسیا لە ئاستی بایەخی وڵاتانی خۆرئاوا بۆ کێڵگە نەوتەکانی ئازەربایجان لە دەریای قەزوین تێگەیشتووە، بۆیە لەپێناو پێشبڕکێکردن لەسەر گازی سروشتی لە دەریای قەزوین و ڕێگاکانی بەرەو ئەوروپا، هەوڵی دەستێوەردان دەدات لە ململانێکەدا (الحاج ،٢٠١٦، ل٤) .

٥- هاوشانی ئەرمینیا ئازەربایجانیش بۆ ڕوسیا گرنگی خۆی هەیە، لە چەندین بواردا پەیوەندییان هەیە، لە ئاسایشەوە تاوەکو وزە، لە ساڵی (٢٠١١ تاکو ٢٠٢٠) ڕوسیا نزیکەی (٦٠٪) چەکی ئازەربایجانی دابینکردووە ، لەبەرامبەردا ( 94%)ی کۆی گشتی چەکی ئەرمینیای دابینکردووە( Droin and Dolbaia..et, 2023 ). ئەوە جگە لە سودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی دەریای قەزوین و پرۆژەکانی گواستنەوە.

ڕوسیا هەمیشە لە هەوڵدایە دەسەڵاتەکانی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتی بەسەر هەردوو کۆمارەکەدا هەبێت، چونکە پێیوایە لە دەستدانی هەر یەکێك لەو دوو دەوڵەتە کاریگەری لەسەر پێگە بەهێزەکەی دەبێت لە ناوچەکەدا (قوربانۆف ،2013، ل3).

هەرچەندە ڕوسیا فرۆشیارێکی سەرەکی چەکە بە هەردوو لایەنی ململانێکار (ئازەربایجان و ئەرمینیا)، بەڵام تاکو کۆتا شەڕو پێکدادانی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لە (٢٠٢٣/٣/١٩)دا، ڕوسیا زیاتر پشتگیری لە ئەرمینیا دەکرد، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە (قوربانۆف ،2013، ص5):-

١- ئەو هاوپەیمانێتیانەی مۆسکۆ لە ناوچەکە سەرپەرشتیان دەکات، ئەرمینیا لە زۆرینەیاندا ئەندامە، لەوانەش ڕێکخراوی (پەیماننامەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی-Collective Security Treaty Organization(CSTO)[٣].

٢- هاوڵاتیانی ئەرمەنی دانیشتووی ناو ڕوسیا کە بە گوێرەی سەرژمێریەکان ژمارەیان (١.٨)ملیۆن کەس دەبێت، کاریگەریەکی گەورەیان لەسەر ڕوسیا هەیە.

٣- بوونی بنکە سەربازیەکانی ڕوسیا لەسەر خاکی ئەرمینیا لە هەرێمەکانی (Erebuni) و (Gyumri) وە لە نزیک سنووری تورکیا، فڕۆکەکانی ڕوسیا ئاسمانی ئەرمینیان کۆنترۆڵ کردبوو.

٤- ڕوسیا هەوڵیدەدا، ئەرمینیا لە دۆستایەتی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا دووربخاتەوە، بۆیە زۆرجار فرۆشتنی چەک بە ئازەربایجان لەلایەن مۆسکۆوە، دەکرێت وەک فشارێک بێت لەسەر ئەرمینیا بۆ پاراستنی پێوستیەکانی خۆی لە بواری چەک و ڕێگریکردن لەبەشداربوون لە هاوپەیمانیەتی ناتۆ.

٥- ڕوسیا ئەرمینیای بە شەریکێکی ستراتیژی خۆی دەزانی لە ڕووی ئابووریی و سەربازییەوە، بۆیە ڕوسیا دەیویست ئەو وڵاتە وەك ساختەرەوەیەکی چەکەکانی بەکاربهێنێت و بە بەهێزی لەبەرامبەر ئازەربایجان بیهێڵێتەوە. هاوکات ئەرمینیا هاوپەیمانێکی ئابوریی و ستراتیژیی گرنگە بۆ ڕوسیا، قەبارەی وەبەرهێنانی روسیا لە ماوەی ساڵی (٢٠١٧ تاکو ٢٠٢٢)، هەناردەی ڕووسیا بۆ ئەرمینیا بە ڕێژەی ساڵانە 83% زیادی کردووە، کە لە ( ٦١ملیۆن دۆلار لە ساڵی 2017 بۆ 1.25 ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠٢٢) زیادیکردووە ( OEC, World, 2024. کە ئەوەش دەکاتە زیاتر لە (40%)ی وەبەرهێنانی دەوڵەتانی دیکە لە ئەرمینیا. جگەلەوەی کە ڕوسیا بنکەیەکی سەربازیی گەورەی لە ئەرمینیا هەیە (Kogamn, 2024, p,1).

٦- ڕوسیا لە ڕێگەی ئەرمینیاوە، دەیەوێت پەیامێک بۆ ئەوروپاش بنێرێت، کە سەقامگیری ناوچەی قەزوین وقەوقاز لە ژێر دەسەڵاتی ڕوسیایە و کەی بیەوێت تێکیدەدات، بۆیە پشت بەستن بە وزەی ناوچەیەکە لە بەرژەوەندی ئەوروپا نابێت (Kochinyan, 2024).

سەرەڕای ئەم پەیوەندییە نزیکییەی ڕوسیا لەگەڵ ئەرمینیا، لەهەمانکاتیشدا پەیوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ ئازەربایجانیشدا دەپارێزێت، بەو پێیەی پەیوەندییەکی باشی ئابووری لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا هەیە، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان لە ساڵی (٢٠٢٣) دا گەیشتە نزیکەی (٤.٤ ملیار) دۆلارهەروەها هەردوو لایان لە ( ٢٢ی شوباتی٢٠٢٢ )دا (ڕێککەوتننامەی هاوکاری) یان واژۆکرد، کە ڕێگری لە تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا دەکات. ئەوەش وایکرد بوو کە ڕوسیا زیاتر هەوڵی نێوەندگیری و پاراستنی ئاشتی لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجاندا بدات، نەک لایەنگری لایەکیان بێت دژ بە لایەکەی دیکە (انترجیونال، ٢٠٢٤).

لەبەرئەوە سەرەڕای ئەوەی کە ڕوسیا لەسەرەتاوە هاوپەیمانی ئەرمینیایە بوو، بەڵام پشتیوانی سەربازی و سیاسی ڕوسیا بۆ ئەرمینیا کراوە نەبووە (البوهي ،2021). لە دواین پێکدادان و ئاڵۆزی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لە هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ لە (٢٠٢٣/٩/١٩) دا، سەرەڕای بەڵێنی ڕوسیا بۆ پاراستنی ئاشتی لە ناوچەی قەرەباغ بوونی هێزی ئاشتی پارێزی ڕوسیا لە ناوچەکەدا، بەڵام لە کاتی هێرشەکانی ئازەربایجاندا، هیچ دەستوەردانێکیان نەکرد، تەنانەت ڕوسیا بە کێشەیەکی ناوخۆیی لە قەڵەمدا (دیاب ،2023) .

سەبارەت بە بێدەنگی ڕوسیا لە دەستبەسەرداگرتنی هەرێمی قەرەباغ لە (٢٠٢٣/٩/١٩) لەلایەن ئازاربایجانیەوە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار لەوانە: یەکەم/ بەهۆی سەرقاڵی روسیا بە جەنگی ئۆکرانیاوە سەرنجی لەسەر ناوچەکە کەمتر بووە و بەوەش ڕۆڵی تاڕادەیەک لاواز بووە، لە هەمانکاتیشدا نایەوێت بەرەیەکی دیکەی ناکۆکی لە گەڵ ئازەربایجان و تورکیا لە ناوچەی قەوقاز بکاتەوە. دووەم/ هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە (نیکۆل پاشینیان) کە لە ساڵی (٢٠١٨) پۆستی سەرۆك وەزیرانی ئەرمینیای وەرگرت، بەم دواییانە لە ئەورووپا نزیك بووەوە و لەگەڵ ئەمریکادا لەسەر سنووری ئازەربایجان مانۆڕی سەربازی ئەنجامدا، ئەمەش روسیای تورەکرد، چونکە پێی وابوو بەم هەنگاوە، ئەوروپا لە ناوچەکەدا دەسەڵاتی بەهێز دەبێت دژی ڕوسیا (ملحم ،2023). سێیەم/ سەرۆکی ئەرمینیا لە کۆمیسیۆنی ئەوروپا داوای لکاندنی ئەرمینیای بە ناتۆوە کردووە، هەروەها هاوسەرەکەی سەرۆکی ئەرمینیا (ئانا ئاکۆپیان) بە مەبەستی گەیاندنی هاوکاری سەردانی ئۆکرانیای کرد. بابەتەکە هەر بەوەوە نەوەستا، بەڵکو سەرۆکی ئەرمینیا هەڕەشەی جێهێشتنی پەیماننامەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ( CSTO)ی کردووە. هەموو ئەوانە مایەیی نیگەرانی و بێزاری ڕوسیا بوون لە ئەرمینیا (ملحم ،2023). ئەم نیگەرانی و تورەییەی ڕوسیاش لەبەرئەوەیە کە (گلی،2023) :-

١- ڕوسیا، لە ئەرمینیا، حکومەتێکی ناوێت لە ئەوروپا نزیك بێت.

٢- ڕوسیا نایەوێت ئەرمینیا و قەرەباغ، هیچ بنکەیەکی سەربازی ئەورووپای لێبێت.

٣- روسیا نایەوێت هیچ وڵاتێکی ناتۆ لە ئەرمینیا و قەرەباغدا بوونی هەبێت، چونکە ئەوە بەلای ڕوسیاوە هێڵی سوورە.

لەبەرئەوە ڕوسیا پێی وابووە بەو بێدەنگیەی توانیویەتی ڕێگری لە هێنانی هێزی سەربازی ئەوروپا بۆ ئەرمینیا بکات، چونکە بەردەوامی گرژییەکان لەسەر قەرەباغ، مەترسی ئەوەی هەبوو، کە وڵاتانی ئەوروپا دەستوەردانی تێدا بکەن. ئەمەش لە کاتێکدابوو کە ئەرمینیا ماوەیەکی زۆرە داوا لە ناتۆ دەکات هێز بنێرێتە قەرەباغ بۆ ئەوەی ئازەربایجان داگیری نەکات (گلی،2023). بەم شێوەیە ئازەربایجان بە سود وەرگرتن لە بێدەنگی ڕوسیا، توانی لە ڕێککەوتی ٢٠٢٣/٩/١٩ لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا، دەسەڵاتدارانی لایەنگری ئەرمینیا لە ناگۆرنۆ قەرەباغ ناچاربکات خۆیان ڕادەستبکەن و مەرجەکانی ئازەربایجان قبوڵبکەن (Global Conflict Tracker, 2024).

کەواتە دەتوانین بڵێین جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ڕوسیا لە باشووری قەوقاز وایکردووە، کە ڕۆڵی ڕوسیا لە ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجاندا لەسەر هەرێمی قەرەباغ، ڕۆڵێکی کاریگەر و فەرەلایەن بێت. ڕوسیا بە درێژای ململانێکە هەوڵیداوە وەک ناوبژیوانێک ڕۆڵی خۆی ببینێت، تاڕادەیەک توانیویەتی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەردوو لایەنی ململانێکە بپارێزێت. سەرەڕای پەیوەندی نزیکی ڕوسیا لەگەڵ ئەرمینیا، بەڵام پەیوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ ئازەربایجانیشدا پاراستووە. لە دوای شەڕو ململانێکانی ساڵی (٢٠٢٠)ی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان و هەوڵەکانی سەرۆکی ئەرمینیا بۆ نزیکبوونەوەی لە ڕۆژئاوا، لەهەمانکاتداسەرقاڵی ڕوسیا بە شەڕی ئۆکرانیاوە، وایکردووە گۆڕانکاری لە هەڵوێستی ڕوسیادا لەسەر ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان دروستببێت، بەشێوەیەک ئاستی پەیوەندی روسیا و ئازەربایجان زیاتر بووە، لەبەرامبەردا پشتیوانی ڕوسیا لە ئەرمینیا لاواز بووە. تاکو ئەو ئاستەی کە لە بەرامبەر دەستبەسەرداگرتنی ناگۆرنۆ قەرەباغ لەلایەن ئازەربایجانەوە ڕوسیا بێدەنگی هەڵبژارد. ئەم بێدەنگیەش نارەزایەتی ئەرمینیای لێکەوتەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی هەردوو لا هەبووە.

### ٢-٢-٢/ ڕۆڵی دەوڵەتی تورکیا لە ململانێی نیوان ئەرمینیا و ئازەربایجان

یەکێکی دیکە لەو دەوڵەتانەی کە ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر ململانێکانی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان هەبووە، دەوڵەتی تورکیایە، بە شێوەیەک هەر لەسەرەتای ململانێکەوە هەڵویستی تورکیا ڕوون و ئاشکرایە، کە پاڵپشتی و هاوکاری ئازەربایجان دەکات دژ بە ئەرمینیا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک لەوانە:-

#### یەکەم/ هۆکارە کولتووری و شارستانییەکان:

پەیوەندی ئاینی، کولتووری، نەتەوەیی و مێژوویی لە نێوان تورکیا و ئازەربایجاندا هەیە، بەو پێیەی زۆرینەی ئازەرییەکان لە ڕەچەڵەکی تورکەوە هاتوون. کە نزیکەی 75%ی دانیشتووان پێکدەهێنێت (فواز ،2022). جگەلەوەی گەلی ئازەری بەڕەچەڵەک تورکن، هەروەها یەك ئاینی هاوبەشیان هەیە، کە ئاینی ئیسلامە، سەرەڕای ئەوەی کە تورکیا و ئازەربایجان لەڕووی مەزهەبییەوە جیاوازن (ئازەرییەکان شیعە مەزهەبن و تورکیا سونە مەزهەبن)، بەڵام تورکیا یەکەم دەوڵەت بوو کە دانینا بەسەربەخۆی ئازەربایجاندا. تورکیا و ئازەربایجان لە ژێر دروشمی "یەک نەتەوە لە دوو دەوڵەتدا" هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان

دەدەن (اضواء، ٢٠٢١).  لە لایەکی دیکە وە جۆرێک لە دوژمنایەتی لە نێوان ئەرمینیا و تورکیا بوونی هەیە، کە بەهۆی کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (١٩١٥)دا، ئەرمینیا تورکیا بە ئەنجامدانی تۆمەتبار دەکات. هەروەها تورکیا سیاسەتێکی تایبەتی بەرامبەر ئازەربایجان و کۆمارە ئیسلامییەکانی ئاسیای ناوەڕاست پەیڕەوکردووە، کە ئامانجی ئەوەبووە کاریگەری و مەترسییەکانی توندڕەوی شیعە بوەستێنێت ( خشیب،2016، ل181-183).

**دووەم/ هۆکارە سیاسییەکان:**

پشتیوانی ئازەربایجان لەلایەن تورکیاوە، وەک هاوسەنگییەکی ناوچەیی بەرامبەر ئەرمینیا، تەحەدایەکە بەهۆی کێشەی لەمێژینەی نێوان تورکیا و ئەرمەنەکان، کە ئەرمینیا (الحاج، ٢٠١٦، ص3) . هەروەها تورکیا دەیەوێت هاوسەنگی لە نێوان ئازەربایجان لە بەرامبەر ئەرمینیا و هاوپەیمانەکانیدا دروستبکات، لایەنگرانی ئەرمینیا لە ڕوانگەی تورکیاوە سەرکردەی وڵاتانی گرووپی مینسکن[٤] کە لە (ئەمریکا، ڕووسیا و فەرەنسا) پێکدێن. جگە لەوە تورکیا هەوڵدەدات پێگەیەکی ناوچەیی بەهێزی هەبێت، لە ڕێگەی بەشداریکردن لە دانوستانەکان و ململانێکاندا (Vatankhah, Navazeni ,2021, p.32).

**سێیەم/ هۆکاری ئابوری:**

تورکیا لەڕووی ئابورییەوە چاوی لەسەر ناوچەکەیە، ئاسایشی وزەی تورکیا بەستراوەتەوە بە ئازەربایجانەوە، کە یەکێکە لە دەوڵەتە هەناردەکارانی گازی سروشتیی جیهان، سەرکردەکانی تورکیا دەیانەوێت ئاستی پشتبەستنی وڵاتەکەیان بە وزەی ڕوسیا کەمبکەنەوە، بۆیە ئازەربایجان وەکو گەورەترین وڵاتی هەناردەکاری نەوت بۆ یەکێتی ئەوروپا جێگرەوەیەکی گرنگە بۆ تورکیا (اضواء، ٢٠٢١). قەبارەی بازرگانی لە نێوان تورکیاو ئازەربایجان لە ساڵی (٢٠٢٣)دا،  (٧.٢) ملیاردۆلار بووە، ئەوەش لە چاو ساڵی ٢٠٢٢ بەرێژەی (٣٣٪) زیادیکردووە (azertag,   2023). هەروەها نزیکەی (٥ هەزار) کۆمپانیای تورکی لە ئازەربایجان وەبەرهێنان دەکەن (ڕێهیمۆڤ،سۆهتا،2024). چەند هێڵێك لە نێوان تورکیا و ئازەربایجان بۆ گواستنەوەی وزە بۆ ئەوروپا هەیە، کە ئەمەش بووە بە هۆی پەرەسەندنی دۆستایەتییەکی ستراتیژی لە نێوان هەردوولادا. ئەم هێڵانە بریتین لە بۆری نەوتی (باکو-تفلیسی-جەیهان)، کە لە ساڵی ٢٠٠٦وە کاردەکات، و بۆری غازی سروشتی (باکو-تفلیسی-ئەرزوروم) (Vatankhah, Navazeni ,2021, p.32).

**چوارەم/ هۆکاری جوگرافی:**

بە پێی شوێنی جوگرافی و جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە، ئازەربایجان دەرچەیەکە بۆ تورکیا، بەتایبەتی کە لەلایەن ڕکابەرەکانیەوە (ڕووسیا- ئەرمینیا- ئێران) دەوریان داوە (Avanesyan, 2023 , p.32).

ئەو هۆکارانەی کە لەسەرە خرایە ڕوو، هانی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و کۆماری ئازەربایجانیداوە، کە هاوپەیمانێتی نێوانیان لە چوارچێوەی چەند ڕێککەوتننامەیەکدا دابڕێژن لەوانە: لە سەرەتای نەوەدەکانی ڕابردوو، ڕێکەوتنێک لە نێوان هەردوولایاندا واژۆکرا، کە ڕێگەدەدات بە مەشقکردنی سەربازانی سوپای ئازەری و هێزەکانی تری لە دامەزراوە سەربازییەکانی تورکیادا. هەروەها تورکیا لە ساڵی(٢٠١٠)دا، ڕێککەوتنامەی (هاوبەشیی ستراتیژی و هاوکاریی هاوبەش)ی لەگەڵ ئازەربایجان واژۆ کرد؛ ئەمەش چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ تورکیا ڕەخساند، بۆ یارمەتیدانی ئازەربایجان لەو ململانێیەدا. لە ڕێکەوتنامەکەدا باس لە مەشقی سەربازی هاوبەش کراوە، کە هەردوو لایەن بە هەموو شێوەیەک پشتگیری یەکتر دەکەن لە ئەگەری هەر دەستدرێژییەک لەلایەن لایەنی سێیەمەوە(Isachenko, 2021). لە مانگی حوزەیرانی( ٢٠٢١) دا (ڕێککەوتنامەی شوشە)[٥] لە نێوان تورکیا و ئازەربایجان واژۆ کرا، کە بەپێی ڕێککەوتنەکە هەر هێرشێک بۆ سەر هەر دەوڵەتێکیان، بە هێرشکردنە سەر هەردوو لایەن دادەنرێت، هەروەها هەردوولا لەسەر هاوکاری سیاسی، ئابووری، بازرگانی، کولتووری، سەربازی و ئاسایشی وزە ڕێککەوتوون(Shusha Declaration, 2021). هەموو ئەوانە وایکردووە بەدرێژای ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان  تورکیا بە چەندین ڕێگاو شێوازی جیاواز پشتیوانی ئازەربایجان بکات بۆ نمونە، لە قۆناغی جەنگی(١٩٩٢- ١٩٩٤ ) تورکیا لە ڕووی سیاسییەوە پاڵپشتی ئازەربایجانی کرد، لە ساڵی(1993)سنوورەکانی لەگەڵ ئەرمینیا داخست، سەرەڕای پاڵپشتی سەربازی، تورکیا لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا پشتیوانی دیپلۆماسی ئازەربایجانی کردووە (Vatankhah, Navazeni ,2021, p.27-29).  هەروەها لە شەڕو پێکدادانەکانی ساڵی (٢٠٢٠) ی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان، تورکیا پاڵپشتییەکی بەهێزی سیاسی، سەربازی و دیپلۆماسی ئازەربایجانیکرد. بۆ نمونە لە رووی سیاسی دبلۆماسییەوە (ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) سەرۆککۆماری تورکیا  لە (٢٨ی ئەیلولی ٢٠٢٠) دەڵێت "ئاشتی هەمیشەیی ناتوانرێت بەدی بهێنرێت، تاکو ئەرمینیا ئەو خاکانەی ئازەربایجان بەجێنەهێڵێت کە داگیری کردووە"(Welt  ,2021). هەروەها وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ئاماژەی بەوە کردووە کە " ئازەربایجان مافی بەرگریکردن لە خۆی بەکار دەهێنێت لە پێناو پاراستنی هاوڵاتیانی و یەکپارچەی خاکەکەی، تورکیاش پاڵپشتی تەواوەتی ئازەربایجان دەکات" (CNN,  2022). هەروەها لە ڕووی سەربازییەوە تورکیا بە کرداری

پاڵپشتی سەربازیی ئازەربایجان کرد لە سەرکەوتنی شەڕی (٢٠٢٠)دا، هەردوو فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی (بایراکتەری TB2 ) ی تورکی و لەلایەن ئازەربایجانەوە بەکار دەهێنران و ڕۆڵێکی سەرەکییان لە شەڕی قەرەباغدا هەبوو(کینیك، 2022).

کەواتە دەتوانین بڵێین دەوڵەتی تورکیا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجاندا بینیوە. بە شێوەیەک تورکیا بە بەردەوام پشتیوانی لە ئازەربایجان کردووە لە بەرامبەر ئەرمینیادا، ئەمەش بۆ چەندین هۆکاری کولتووری، سیاسی، ئابووری و جیۆپۆلەتیکی دەگەڕێتەوە. ئەم پشتیوانییە بەردەوامەی تورکیا بۆ ئازەربایجان، لە چوارچێوەی چەندین ڕێککەوتنامەی ستراتیژی و هاوکاری سەربازیدا بەرجەستە بووە. ئەوەش وایکردووە تورکیا لە قۆناغە جیاوازەکانی ململانێکەدا پاڵپشتی سیاسی، دیپلۆماسی و سەربازی بۆ ئازەربایجان دابین بکات، بەتایبەتی لە شەڕی ساڵانی (٢٠٢٢ و ٢٠٢٣) دا، کە بوو بە هێزێکی گەورە و هۆکاری سەرکەوتنی ئازەربایجان بەسەر ئەرمینیادا لە ململانێیان لە سەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ.

لەکۆتایی ئەم بەشەی توێژینەوەکەدا و پشت بەست بەو زانیاریانەی لەسەرەوە خرایە ڕوو، دەگەین بەو ئەنجامەی کە بەهۆی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە، هەروەها بوونی بەرژەوەندی ئابوری و پەیوەندییە مێژوویی و کولتوورییەکانەوە؛ هەریەکە لە ڕوسیا و تورکیا ڕۆڵی گرنگ لە ململانێی نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجاندا دەبینن، بەڵام ئاراستە و ئامانج و ستراتیژی هەریەکەیان جیاوازە. ڕوسیا لەسەرەتاوە هەوڵی داوە ڕۆڵی ناوبژیوان ببینێت و پەیوەندی لەگەڵ هەردوو لایەن بپارێزێت، بەڵام لە دواین پێکدادانی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لە ساڵی(٢٠٢٣)دا، بەهۆی شەڕی ئۆکرانیا و هەوڵی ئەرمینیا بۆ نزیکبوونەوە لە ئەمریکا و ئەوروپا، گۆڕانکاری بەسەر هەڵوێستی ڕوسیا لەبەرامبەر ئەرمینیادا هات، ئەم گۆڕانکارییەش کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو لا و هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا هەبووە ، بە جۆرێک بووەتە هۆی لاوازبوونی پێگەی ئەرمینیا و بەهێزبوونی ئازەربایجان. لەبەرامبەردا تورکیا بە هۆی پەیوەندییە کولتووری، سیاسی، ئابووری و جیۆپۆلەتیکییەکانیان، بە شێوەیەکی بەردەوام پشتیوانی لە ئازەربایجان کردووە. ئەم پشتیوانییە بەردەوامەی تورکیاش فاکتەرێکی گرنگ بووە لە بەهێزبوونی پێگەی ئازەربایجان. بە شێوەیەک سەرکەوتنی ئازەربایجان لە دەستبەسەرداگرتنی هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ لە ساڵی (٢٠٢٣)دا، دەرئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی بوو، کە دەتوانین بڵێین گرنگترینیان پشتیوانی تورکیا بۆ ئازەربایجان و گۆڕانی هەڵوێستی ڕوسیا بووە بە هەڵبژاردنی بێدەنگی لە بەرامبەر هێرشەکانی ئازەربایجاندا، کە توانی بەسەر ئەرمینیادا سەربکەوێت و ناگۆرنۆ قەرەباغ بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

**ئەنجامەکان:**

دەتوانین گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینە ڕوو:

1. ڕەهەندی نێودەوڵەتی ململانێکە:

ململانێی نێوان ئەرمینیاو ئازەربایجان لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ، لەوە دەرچووە بەتەنها ململانێی نێوان دوو دەوڵەت بێت لەناوچەکەدا، بەڵکو کێشەکە ڕەهەندێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی وەرگرتووە. بەدرێژای مێژووی ململانێکە دەستێوەردانی دەرەکی ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە ئاڵۆزترکردنی ململانێکەدا، چونکە بەرژەوەندییە جیاوازەکان و جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینیەکان، هانی دەوڵەتانی داوە هەریەکەو بەپێی بەرژەوەندییە سیاسی و ئایینی و نەتەوایەتییەکەی خۆی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی هەردوو دەوڵەتدا بکات. بەوەش ململانێکە کاریگەری لەسەر هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا هەبووە و بووەتە بەشێک لە کێبرکێی نێوان هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. ئەو دەستێوەردانەش ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە درێژەکێشان و ئاڵۆزبوونی ململانێکەدا، وای کردووە کە چارەسەرکردنی کێشەکە ئاسان نەبێت.

2. ڕۆڵی تورکیا لە ململانێکەدا:

تورکیا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە وەک هێزێکی هەرێمی کاریگەر ڕۆڵی هەبووە لە ململانێکەدا، بەردەوام پشتگیری لە ئازەربایجان کردووە دژ بە ئەرمینیا. ئەم هەڵوێستەشی لەسەر بنەمای پەیوەندییە کولتووری، زمانی و مێژووییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت بووە. هەروەها، بەرژەوەندییە ئابوورییەکان، بەتایبەتی لە بواری وزەدا، ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە پاڵپشتی تورکیا بۆ ئازەربایجان لە بوارەکانی سیاسی، دیپلۆماسی و تەنانەت سەربازیش. کە ئەوەش فاکتەرێکی بەهێز و گرنگ بووە بۆ سەرکەوتنی ئازەربایجان. جگە لەوانەش دوژمنایەتی لە مێژینەوەی نێوان ئەرمینیا تورکیا بەهۆی تۆمەتبارکردنی تورکیا بە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لەساڵی (١٩١٥)، وایکردووە تورکیا بەردەوام لە هەوڵی بەهێزکردنی ئازەربایجاندا بێت لە بەرامبەر ئەرمینیادا.

3. ڕۆڵی ڕووسیا لە ململانێکەدا:

ڕوسیا لە ململانێی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ، ستراتیژیەتێکی ئاڵۆزی لە ململانێکەدا پەیڕەو کردووە، چونکە هەرچەندە ڕوسیا پەیوەندییەکانی زیاتر لەگەڵ ئەرمینیا بەهێزتر بووە، بەڵام سەرەتا پشتی دەبەست بە سیاسەتی

کۆنترۆڵکردنی ململانێکە و هاوسەنگکردنی لە نێوان هەردوولادا، ئەوەش بەهۆی گرنگی پەیوەندییەکانی هەردوو دەوڵەت لەگەڵ ڕوسیا و هەبوونی پەیوەندی ئابوری و بازرگانی لە نێوانیاندا. بەڵام لە دواین ڕووداوەکاندا (2023)، هەڵوێستی ڕووسیا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و زیاتر بێلایەن بووە. ئەم گۆڕانکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە کاریگەریی شەڕی ئۆکرانیا، هەوڵەکانی ئەرمینیا بۆ نزیکبوونەوە لە ڕۆژئاوا، و گرنگی ئازەربایجان بۆ ڕووسیا لە قۆناغی ئێستادا. هەموو ئەوانە هۆکار بوون بۆ گۆڕانکاری لە هەڵوێستی روسیاو بێدەنگی لە ئاست گەڕانەوەی قەرەباغ بۆ ژێردەسەڵاتی ئازەربایجان.

٤. بەراوردکردنی ڕۆڵی ڕوسیا و تورکیا لە ململانێکەدا:

آ. لەڕووی ئامانج: تورکیا ئامانجی بەهێزکردنی ئازەربایجان بووە لەبەرامبەر ئەرمینیادا، لە کاتێکدا ڕوسیا ویستوویەتی هەردوو لایەن لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بهێڵێتەوە.

ب. لەڕووی کاریگەری: تورکیا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ململانێکە هەبووە، بەڵام ڕوسیا زیاتر هەوڵی کۆنترۆڵکردن و سنووردارکردنی ململانێکەی داوە.

ج. لەڕووی ستراتیژ: تورکیا ستراتیژی پشتگیری ڕاستەوخۆی پەیڕەوکردووە، لە کاتێکدا ڕوسیا تاکو ڕووداوەکانی کۆتایی زیاتر ستراتیژی هاوسەنگی و دیپلۆماسی پەیڕەو کردووە.

د. لەڕووی ئاراستەوە: ئاراستەی تورکیا لایەنگیریی بووە لە ئازەربایجان، لە کاتێکدا ڕوسیا زیاتر هەوڵی پاراستنی هاوسەنگی پەیوەندی دووقۆڵی لە نێوان هەردوولادا داوە.

٥. گۆڕانکارییە نوێیەکان و ئایندەی ململانێکە:

سەرقاڵبوونی ڕوسیا بە شەڕی ئۆکرانیاوە بووەتە هۆی لاوازبوونی ڕۆڵی ڕوسیا لە ململانێکەدا، لاوازبوونی ڕۆڵی ڕوسیاش وەک نێوەندگیر و هێزی هاوسەنگکەر، کاریگەری لەسەر دینامیکیەتی ململانێکە هەبووە. چونکە بەهۆی گۆڕانکاریی لە هەڵوێستی ڕوسیادا، لە ئەیلولی 2023دا، ئازەربایجان توانی کۆنترۆڵی ناگۆرنۆ قەرەباغ بکات و بەسەر ئەرمینیادا سەربکەوێت. ئەم گۆڕانکارییە نوێیە، لەگەڵ بەردەوامی پشتگیرییەکانی تورکیا لە ئازەربایجان، دەکرێت کاریگەری قووڵی لەسەر داهاتووی ململانێکە و هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا هەبێت. چونکە تورکیا زیاتر هەوڵ بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی وەک هێزێکی هەرێمی لە ناوچەکەدا دەدات و پشتگیریی زیاتری ئازەربایجان دەکات. لە ئەگەری دەستوەردانی زیاتری هێزە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەت ئەمریکا و ڕێکخراوی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا، بەهۆی هەوڵەکانی ئەرمینیا بۆ نزیکبوونەوەی لە ڕۆژئاوا، ئاراستەی نوێ بە ململانێکە دەبەخشێت و دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە هاوکێشەی هێز لە ناوچەکەدا، کە ئەوەش کاریگەری گەورەی لەسەر ئایندەی ململانێکە و ئاسایشی ناوچەکە دەبێت.

---------------------------------------------------

**پەراوێزەکان:**

(١) قەوقاز ناوچەیەکی جوگرافی سیاسییە دەکەوێتە سەر سنوری ئەورووپا و ئاسیا، هەریەکە لە دەوڵەتانی (ئەرمینیا، جۆرجیا،ئازەربایجان) لەخۆدەگرێت، بەشێکی بە قەوقازی ڕوسی ناودەبرێ، دانیشتوانی ناوچەی قەوقاز بە چەندین زمانی جۆراو جۆر قسەدەکەن، زیاتر لە پەنجا نەتەوەی جیاواز لەم ناوچەیەدا دەژین...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: براک، واثق محمد ، (٩٠٠٢)، التنافس الامریکی-الروسی فی قوقازحرب الروسیة-الجورجیة نموذجآ، جامعة الموصل، مجلة ابحاث كلية التربية الاساسية، مجلد٩، العدد،٢، الموصل، ل٢٠٣.

(٢) ستالین دووەم سەرکردەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بوو، کە بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی یەکێتییەکە دادەنرێت، لە نێوان ساڵانی (1941-1953) سەرۆک وەزیرانی یەکێتی سۆڤیەت بووە...بڕوانە: جبران، فرج، (٢٠١٢)، ستالین،مؤسسةهنداوی للتعلیم والثقافة،قاهرة، ل٢٦.

(٣) ڕێکخراوی پەیمانی ئاسایشی بەکۆمەڵ ( منظمة معاهدة الأمن الجماعي- Collective Security Treaty Organization)، ڕێکخراوێکی سیاسی-سەربازییە کە ڕووسیا و شەش کۆماری پێشووی سۆڤیەت لەخۆدەگرێت. لە ساڵی 1992 بە واژۆی هەریەک لە وڵاتانی (ڕووسیا، ئەرمینیا، کازاخستان، قیرغیزستان، ئۆزبەکستان و تاجیکستان) بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە دامەزرا. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم ڕێکخراوە بڕوانە پێگەی فەرمی ڕێکخراوەکە: https://bit.ly/4eNSR0k

(٤) گروپی مینسک-Minsk لە ساڵی ١٩٩٤ لایەن کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاری لە ئەوروپا(OSCE)، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان ئەرمینیا وئازەربایجان لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباغ دروستکراوە و (ئەمریکا و فەرەنسا و ڕووسیا) بە هاوبەشی سەرۆکایەتی دەکەن( ... بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم گروپە بڕوانە ئەم پێگە ئەلیکترۆنییە: https://bit.ly/3zuuaWA

(٥) ڕێککەوتنی شوشە یاخود جاڕنامەی شوشە ڕێککەوتنێکە کە ئیلهام عەلییێڤ سەرۆکی کۆماری ئازەربایجان و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا لە ١٥ی حوزەیرانی ٢٠٢١ لە شوشە واژۆیان کردووە، بۆ باشترکردن وبەرەو پێشبردنی پەیوەندییەکانی هەردوولا. بۆ خوێندنەوەی دەقی ڕێککەوتنەکە بڕوانە ئەم پێگە ئەلیکترۆنییە: https://bit.ly/3VMKHN7

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم/ کتێب:**

**آ- کوردی:-**

- همایەر، شترۆ و ول. هـێکمان، یـالچین، (٢٠١١)، کـورد لە سـوریاو ئازەربایجـان و ئەرمینیـا، و: ڕێبوارتۆفیـق، چاپخـانەی حەمـدی، سلێمانی.

- هەورامی، ئەفراسیاو، (٢٠٠٦)، کوردستانی پشت قەوقاز (دۆسیەی ڕژێمەکانی سۆڤیەت بەرامبەر بەکوردی ئەووڵاتە)، بـنکەی ژیـن، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- عەباسـۆڤ، عەلـی، (٢٠٠٦)، کێشـەی قەرەبـاخ لە نێـوان ئەرمینیـا و ئازەربایجانـدا، و: کەمـال ڕەشـید، لە بڵاوکراوەکـانی سـەنتەری ستارتیجی کوردستان، سلێمانی.

ب- عەرەبی:-

- جبران، فرج، (٢٠١٢)، ستالین،مؤسسةهنداوی للتعلیم والثقافة،قاهرة.

- عبدالفتاح، اسماعیل، (٢٠١٠)،  موسوعة الدول والبلدان.. الجغرافیة السیاسیة، مکتبة الاسکندریة، قاهرة.

**دووەم: توێژینەوەکان:**

**آ-کوردی:-**

- عەزەمر، یاسین، (٢٠٢٠)، کێشەی ناگۆرنۆکەرەباخ و هەڵوێستی ئێران دەربارەی ئاڵۆزیەکانی نێـوان ئەرمینیـا و ئازەربایجـان، گۆڤـاری جۆرنال: ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ژمارە (٥٢و٥٣)، سلێمانی.

- عەباسۆڤ، عەلی،  (٢٠٠٦)، کێشەی قەرەباخ لە ڕەهەندە لۆکاڵیەکانەوە تارەهەنـدە جیهانییەکـان، وەرگێڕانـی لە فارسـییەوە: کەمـال ڕەشید، گۆڤاری کەمینەکان، ژمارە (١)، سلێمانی.

**ب-عەرەبی:-**

- براک، واثق محمد ، (٢٠٠٩)، التنافس الامریکی-الروسی فی قوقازحرب الروسیة-الجورجیة نموذجآ، جامعة الموصل، مجلة ابحـاث کلیة التربیة الاساسیة، مجلد٩، العدد،٢، الموصل.

- خشیب، جلال، (٢٠١٦)، إقلیم ناغورني کاراباخ.. بین الإرث التاریخي القوقازي والحسابات الإقلیمیة الترکیة- الإیرانیة، رؤیة ترکیـة، مجلد 5، عدد 2، الترکیة.

- الحاج، سعید، (٢٠١٦)، ناغورنوکاراباخ: ساحةصراع جدیدة بین روسیا و ترکیا،مرکزالجزیرة للدراسات، قطر.

- عبدالرؤوف، روان، (٢٠٢٠)، اقلیم مضطرب و مصالح متغیرة... النزاع ارمني والآذربیجاني حول اقلیم نجورنو قرباغ، المرکز العربي للبحوث والدراسات.

- قوربانۆ، ارسلان، (٢٠٢٣)، تداعیات الإستراتیجیات الإقلیمیةعلى الداخل الاذربیجـاني(٢)،تـرجم الـنص عـن الانجلیزیـة: د. مـوسى الحالول، مرکز الجزیرة للدراسات،قطر.

- کینیك، حولیا ، (٢٠٢٢)، دور المسیرات الترکیة في الفعالیـة العسـکریة لأذربیجـان، مجلـة رؤیـة ترکیـة، مجلـد 11، عـدد1، تـاریخ الإطلاع: 18 یولیو 2023.

**ج- ئینگلیزی:-**

- Avanesyan, LUSINE, (2023), Turkey's Policy toward South Caucasus: The cases of Nagorno-Karabakh and Abkhazia Conflicts, Master Thesis, American University of Armenia, May 2014, Accessed: 5 January 2023.

- Carley, Patricia, (1998), Nagorno- Karabakh (searching for a solution), A united states institute of peace Roundtable report.

- E. Cornell, Svante (1999), The Nagorno-Karabakh Conflict, Department of East European Studies, Report no. 46.

- Javaid, Faisal ،Collective Security Treaty Organization (CSTO) and Centra Asian Region: Opportunities and Challenges, EUROPEAN ACADEMIC RESEARCH - Vol. IV, Issue 12 / March 2017.

- Kogamn, Eugene, (2024), The Role of Foreign Actors in the Armenia-Azerbaijan Conflict Russia, Turkey, China, and India, AIES FOCUS 2024/3.

- Vatankhah Zeynab, Navazeni, Bahram, (2021), Turkey's Approach to the Nagorno-Karabakh Crisis (2003-2020), the Quarterly Journal of Political Studies of Islamic World, Vol. 9, No. 36.

### سێیەم: سەرچاوە ئەلیكترۆنییەكان:

#### یەكەم: عەرەبی:

**آ- المقالات:-**

- البقائی، محمد ، (٢٠٢٠)، قره باغ.. عناصر أساسية لفهم الصراع التاريخي بين أرمينيا وأذربيجان،موقع الجزيرة، متاح على الموقع: https://bit.ly/37RmRra

- البوهي، أحمد طارق، (٢٠٢١)، التسوية الأذرية – الأرمينية: تنافس النفوذ الروسي – التركي، قضايا ونظرات، متاح عبر الرابط التالي: https://shorturl.at/vBJM2

- الصمادي، فاطمة، (٢٠١٦)، إيران وأذربيجان: التنافس والصراع في جنوب القوقاز،متاح على الموقع: https://bit.ly/3sO087L

- الصوراني، فهيم، (٢٠٢٣)، هل تعزز استعادة قره باغ اقتصاد أذربيجان؟، موقيع الجزيرة، متاح على رابط الاتي: https://ln.run/ZL3wd

- دياب، سلمى، (٢٠٢٣)، لماذا تخلى الروس عن دعم أرمينيا في ناغورنو كاراباخ؟، الجمهورية، متاح على رابط الآتية: https://rb.gy/85zyy4

- فواز، أحمد عبد الحافظ، (٢٠٢٣)، القوقاز: الصراعات الجيواستراتيجية وإشكالية الهوية، متاح على الرابط التالي: https://shorturl.at/vNT04

- السيد، محمد، (٢٠١٨) ،اين تقع آزربايجان، الموضوع، منشورعلى الموقع : https://bit.ly/3scDaGX

- ملحم، آسف، (٢٠٢٣)، ناغورني كاراباخ ... معضلة روسيا في القفقاز، jsmمركز للابحاث ولدراسات، متاح على رابط الاتية: https://bit.ly/466Qcet

- رێهیمۆڤ، روسلان ، سۆهتا سامی ، (٢٠٢٤)، التبادل التجاري بين تركيا وأذربيجان، متاح على رابط الاتي: https://bit.ly/4cNkBQO

**ب- التقارير:-**

- CNN، (٢٠٢٢) ، أردوغان يؤكد وقوف تركيا الدائم مع أذربيجان بعد الإشتباكات الحدودية مع أرمينيا، بالعربية، تاربخ الإطلاع: 13 أغسطس 2023، متاح عبر الرابط التالي: https://cutt.us/Es5E5

- الجزيرة، (٢٠٢٢)، أرمينيا تعلن مقتل 49 من جنودها في اشتباكات، اريخ الإطلاع: 30 مايو 2023، متاح عبر الرابط التالي: https://shorturl.at/apKU5

- TRT عربي، (٢٠٢٢) ، 5 آلاف شركة تركية تشارك بتنفيذ مشروعات بـ17 مليار دولار في أذربيجان ، متاح على رابط الاتية: https://rb.gy/29v5k3

- اضواء للبحوث والدراسات، (٢٠٢١)، ناغورنو قرة باخ حرب المائة عام (1920-2020)، متاح على الرابط الآتية: https://bit.ly/3xHRvDE

- إنترريجونال للتحليلات االستراتيجية، (٢٠٢٤)، استياء يريفان: ما مآلات التقارب بين روسيا وأذربيجان؟، العدد، ٣٦٤، ٢٠٢٤، أبوظبـي، متاح على رابط الاتية: https://ln.run/rhlBH

#### سێیەم / ئیگلیزی:

**A- Articles:-**

- Droin, Mathieu and Dolbaia. Tina, (2023) 'Renewed Nagorno-Karabakh Conflict: Reading Between the Front Lines', Center for Strategic and International Studies. Available at: https://bit.ly/3xEpNaZ

- Isachenko, Daria, (2021), Turkey–Russia Partnership in the War over Nagorno-Karabakh, Centre for applied Turkey Studies, November 2020, Accessed: 22 November 2021, available at: https://cutt.us/ryAso

- Kochinyan, Areg, (2024), Armenia Should Use This Window of Opportunity to Leave Russia’s Orbit, Carnegie Endowment for International Peace, Available at:

https://bit.ly/45Tqfi0

- Welt, Cory, Andrew S. Bowen, (2021), Azerbaijan and Armenia: The Nagorno-Karabakh Conflict, Congressional Research Service, p.12, Accessed: 26 November 2021, available at :

https://cutt.us/6tTgG

- Tavadze, Natalie, (2024), *Geopolitics of the Central Caucasus*, Available at:

https://bit.ly/3LbWIXy

**B- Reports and Documentation: -**

- Azertag, az, (2023), The Azerbaijan State News Agency, The volume of trade between Azerbaijan and Turke, Available at:

https://ln.run/G5ZLt

- CIA World Factbook, (2024), Azerbaijan and Armenia Data, Available at:

https://ln.run/5fn8T

- Collective Security Treaty Organization-CSTO, (2024) Available at:

https://en.odkb-csto.org/

- GlobalFirepower.com. (2024). Azerbaijan vs. Armenia Military Strength Comparison. Available at:

https://bit.ly/45TYpCC

- Global Conflict Tracker, (2024) Nagorno-Karabakh Conflict, Available at:

https://ln.run/w1Ir3

- Human Rights Watch (2022) 'Azerbaijan: Nagorno-Karabakh Lifeline Road Blocked, available at:

https://bit.ly/4eQjMse

- Shusha Declaration, Available at:

https://bit.ly/3xErDsp

- OEC World, (2024), Armenia and Russia Trade, Available at:

https://ln.run/lyF2h

- World Bank, (2024), Azerbaijan and Armenia Data, Available at:

https://ln.run/YN4UM

**دور روسيا و تركيا في الصراع بين ارمينيا واذربيجان في اقليم ناغورنو كاراباخ**

**عثمان عبدالله احمد**

محاضر في كلية التربية شهرزور – قسم التنمية البشرية – جامعة حلبجة

Othman.ahmad@uoh.edu.iq

**فريد دلشاد محمد**

كلية العلوم السياسية- قسم العلوم السياسية-جامعة السليمانية

Farid.mohammed@univsul.edu.iq

**الملخص**

هذا البحث يحاول أن يدرس دور روسيا وتركيا في الصراع بين ارمينيا واذربيجان في اقليم ناغورنو كاراباخ، إضافة إلي إظهار وعرض الخلفية التاريخية والعوامل التي أدت إلي خلق الصراع بين ارمينيا واذربيجان، يهدف هذا البحث إلي إظهار دور روسيا وتركيا كدولتين رئيسيين وإقليميين في الصراع بين ارمينيا واذربيجان. بناءً على استخدام المنهج (الوصف التحليلي)، وصل البحث إلي أن الموقع الجغرافي والمصالح السياسية والاقتصادية للدولتين روسيا وتركيا تلعبان دورا مؤثرا في الصراع بين ارمينيا واذربيجان، روسيا تحاول أن يحفظ علاقاتها مع كلا الدولتين ارمينيا واذربيجان كجانب محايد مع أن علاقاتها كانت في البداية مع ارمينيا لكن الحرب الروسي والاوكراني ومحاولة ارمينيا للتقرب من الدول الاَوروبية غيرت موقف روسيا حيث سكت روسيا عن استيلاء اذربيجان علي إقليم ناغورنو كاراباخ مما أدي إلي قلق ارمينيا. اما بالنسبة لموقف تركيا من الصراع المذكور فهي في البداية مع اذربيجان ضد ارمينيا، كانت تركيا تؤيد اذربيجان من النواحي الدبلوماسية والسياسية والعسكرية هذا التأييد والدعم التركي أدت إلي نصر اذربيجان علي ارمينيا في صراعهما من أجل إقليم ناغورنو كاراباخ.

**الكلمات المفتاحية:** أرمينيا، أذربيجان، تركيا، روسيا، ناجورنو كاراباخ.

**The Role of Russia and Turkey in the Conflict Between Armenia and Azerbaijan in the Nagorno-Karabakh Region**

**Othman Abdulla Ahmed**

Lecture in Shahrazur College of Education - Department of Human Development - Halabja University

Othman.ahmad@uoh.edu.iq

**Farid Dilshad Mohammed**

College of Political Sciences - Political Sciences - Sulaymaniyah University

Farid.mohammed@univsul.edu.iq

**Abstract**

This paper has attempted to analyze the role of Russia and Turkey in the conflict between Armenia and Azerbaijan over the Nagorno-Karabakh region. In addition to presenting the historical background and causes of the conflict between Azerbaijan and Armenia, the study aims to explain the role of Russia and Turkey as two major regional states in the conflict. It explains the historical background of the conflict and the political consequences of it. Based on the use of method (Analytical description), The study concluded that due to the geopolitics of the region and the existence of political and economic interests; Russia and Turkey have played an influential role in the conflict between Armenia and Azerbaijan. Russia has tried to maintain relations with both countries and acted more as a mediator Western country have changed Russia's position, choosing to remain silent about Azerbaijan's annexation of Nagorno-Karabakh, which has caused concern in Armenia. Turkey has been a supporter of Azerbaijan against Armenia from the beginning diplomatically, politically and militarily. This was an important factor in Azerbaijan's victory over Armenia in the conflict over Nagorno-Karabakh.

**Keywords**: Armenia, Azerbaijan, Turkey, Russia, Nagorno-Karabakh.